# کەمپینی نا نا بۆ سێدارە

### بۆ:رای گشتی

کوردستانی تێکۆشەر و ئازادیخوازان مرۆڤدۆستان لای هەمووان ئاشکرایە کە سزای سێدارە تائێستا لەلایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وەکو سزایەکی تۆڵەسەندنەوە بەسەر ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەسەپێنرێت و جگە لەگەلی کوردیش چەندین نەتەوەیی تر ڕۆڵەکانیان ئەم سزایەیان بەسەردا دەسەپێنرێت لەبەرئەوە وەکو نوسەر و ڕۆژنامەنوسانی کوردستان کەمپینێك پێك دەهێنین بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند چالاکیەکی مەدەنی و بۆ ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا بەگوێرەی توانا و پەیوەندیەکانی خۆمان دەنگی نارازی گەلەکەمان بگەیەنین بەو کەسایەتیە ئاینی و ئاشتیخوازانەی لەسەر دەسەلاَتدارانی ئێران کاریگەریان هەیە و داواکانیان بەهەند وەردەگیرێت ئێمە لەم ڕوانگەیەوە دەمانەوێت ئاماژە بکەین بەوەی گەلانی خۆرهەلاَتی ناوەڕاست بەکورد و عەرەب و فارس و تورکەوە لەسەر خاکێك دەژین دەبێت لەم پێناوەشدا دەبێت بەیەکەوە بژین و یەکتری سەرکوت نەکەن لەم ڕووانگەیەوە ئێمە ئامانجمان ئەوەیە کە هەستی کەسایەتیە ئاشتیخوازی و ئاینیەکانی جیهان بجوڵێنین بۆ ئەوەی بەرپرسانی ئێران ناچاربکەن بەحەرامکردنی ئەم سزایە ئێمەش لەڕوانگەیەکی یاساییەوە لاریمان نیە لەوەی هەرکەسێك تاوان بکات دەبێت بەگوێرەی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێت و لەسەدەی بیست و یەکەمدا ئەم سزایە بوونی نەمێنێت چونکە دەبێتە هۆی چاندنی تۆی دووبەرەکی لەنێوان گەلاندا و هیچ مانایەك بۆ بەیەکەوە ژیان ناهێڵێت و دەکرێت لەجێگەیدا پەنا بۆ مامەڵەی تر ببرێت

**کوردستانیانی تێکۆشەر**

**مرۆڤدۆستانی ئازیز**

بەدەنگ هاتنی گەلی کورد لەهەرچوارپارچەی کوردستان و لەسەرووی هەمووشیانەوە سیاسەتمەدارانی کورد خاڵی وەچەرخانێکی گرینگە لەمێژووی گەلەکەمان و دەکرێت ببێتە سەرەتایی دروستبوونی سیاسەت و ستراتیژێکی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێوان گەلی کورد دا لێرەشدا دەبێت لایەنە کوردیەکان بەئیسلامی و نیشتیمانیەکان لەم پێناوەدا ڕۆڵی گرینگی خۆیان بگێرن و بکەونە تێکۆشانەوە،

لەکۆتاییدا ڕایدەگەیەنین کەسەرەتایی کارەکانمان بەناردنی نامەی تایبەت بۆ کەسایەتیە سیاسی و ئاینی و ئاشتیخوازیەکان دەست پێدەکەین کەباوەڕمان وایە کە دەتوانن لەم پێناوەدا

ڕۆڵ بگێڕن لێرەشەوە داوا لەنوسەران و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین بەهاوکاری کردن و ناردنی سەرنج و تێبینیەکانیان پشتیوانی لەکەمپینەکەمان بکەن بۆ هەموو لایەکیش تەئکید دەکەینەوە کە ئەم کەمپینە پەیوەندی بەهیچ کەس و لایەنێکەوە نیە و لەلایەن ڕۆژنامەنووس و نوسەرانی سەربەخۆیی کوردەوە پێکهێنراوە بۆ مەبەستی ئاشتیخوازی نەتەوەیی لەپێناو ڕزگارکردنی گیانی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و نەتەوەکانی تر کەلەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران سزای سێدارەیان بۆ بڕدراوەتەوە،

**نا نا نا بۆ لەسێدارەدانی ئازادیخوازان**

**بەڵی بەڵێ بۆ بەیەکەوە ژیانی گـــەلان**

**کەمپینی نا نا بۆ سێدارە**

**هەرێمی کوردستان_هەولێر**